# شەونم

هۆنراوەی (5)

آن ترك پریچهره که دوش از بر ما رفت

ئەو شۆخی پەریروو کە شەوێ ڕۆیی لە لای مە
ئاخۆ بە خەتا ڕۆیوە یا دیویە خەتای مە
تا ڕۆیی لەبەر چاوی من ئە وچاوی جیهان بین
کەس نەیدی کە ئەم چاوە چهای دیوە جەفای مە
شەم نەیدی شەوێ دی کە لە ڕێی ئاوری دڵ چۆن
برژانی جەرگ دووکەڵی هەستابوو لە لای مە
دووری لە جەماڵی ئەوە سێلاۆی سریشکم
جاری بوو لە چاوان , بووە تۆفانی بەڵای مە
هۆی باری خەمی هیجرە لەپێ کەوتنی ئێمە
بەو دەردە دوچارین و لە دەس دەرچوو دەوای مە
دڵ پێی وتم ئاخر بە دوعا دەس دەکەوێ یار
ئەو عومری هەبووم پاکی بووە سەرفی دوعای مە
ئیحرامی چ بگرم نییە خۆ قیبلە لە وێنە
سەعیە چ بکەم ڕۆیی لە نێو مەروە سەفای مە
دوێ دوکتورەکەم پێی وتم ئەو نوکتە , بە داخۆ
دەردت نییە دەرمانی بە قانوونی شیفای مە
ئەی یار وەرە و پرسە هەواڵێکی لە حافز
پێش ئەو دەمە پێ مێردی خودا بێ لە دوای مە

حافزی حەقیقی 06.10.69